

تەجرەبەیەك لە گێڕانەوە:

# ژنێک لە کەمکردنەوەیەکی نهێنیدا

**ئەحمەد سەیید عەلی بەرزنجی**
**(سلێمانی)**

لەو خوێندنەی چوارساڵی زانکۆمدا سوودێکی ئەوتۆم لێ نەبینی، بێجگە لە شارەزاییەکی سەرەتایی لە نهێنی ئامێرە ئیلیکترۆنییەکان و مامەڵەکردن لەگەڵ کارەبا و ئیشوکاری کارەبادا، بەڵام وەک ئەندازیارێک، ئەوە نەکەس گوێی لێ دەگرتم، نە بەدەنگیشمەوە دەهاتن، کەچی (ڕاستی) هاوڕێم هەر لەساڵی سێیەمی خوێندنمانەوە لە کۆمپانیاکەی باوکی وەک ئەندازیارێک دامەزرا و بڕۆ بەخێرهاتی!!

کاری کاک حەمەدەمینی دراوسێمان ڕاستبێ، ئەو لەمێژەوە کارەباچی بوو، سەرەتا بردمییە لای خۆی (ئەویش بەتەکلیفێکی دایکم) تا لە دووکانەکەیدا وەک شاگردێک کار بکەم، بەتایبەت زۆربەی ڕۆژ ئەو دووکان نەدەکەوت، لەتەک دوو شاگردی شارەزادا ئیشی کارەبایی خانووە تازەکانی دەگرت، یان هی ئەو ئەپارتمانانەی کۆمپانیاکان وەک شوققەی نیشتەجێبوون بەحەوایاندا دەبەن.

زۆرجار ساتە لەبار و خوازراوەکان ڕێکەوت دەیانهێنێتە پێش. لە دووکان دانیشتبووم، کابرایەکی ڕێکپۆش و قیت هات و بەڕێزێکی لە ڕادەبەدەر سڵاوی کرد، داوای هەندێ کەلوپەلی کارەبایی کرد: سویچ، پلاک، ڕەبت، گڵۆپی لید، تیپ و لەم بابەتانە. یەک یەک بۆم ئامادەکرد و نرخەکانیم لە پارچە کاغەزێکدا نووسی و دامەدەستی، بەڕوویەکی خۆشەوە وەریگرت و بێ چەند و چوون پارەکەی دامێ.

هەندێک جار کەسانێک کە یەکەم جارە دەیانبینی و بۆ چەند ساتێکی کورت بەکارێک پێکەوە یەکدەکەون، وا هەست دەکەیت ئەو کەسە نامۆ نییە پێت و دەشێ لەداهاتوودا ڕووداوەکان زیاتر

پێکەوە گرێتاندات.

کابرا هات و ڕۆی، بەڵام بۆ سبەی و دووسبەی هاتەوە. هاتنەوەیم لا خۆش بوو، گفتولفتی شیرین و بەو ناسینە کورتە وەک هاوڕێیەکی تەواومان لێ هات. ئەو ڕۆژە چایەکیشم بۆ بانگ کرد و لە درێژەی قسەکانماندا داوای ئەوەی کرد کە ئەگەر دەکرێ بچم ئەو نوقسانییە کارەباییانەی ناو ماڵەکەیانی بۆ تەواوکەم، لەو ڕۆژەوە کە بردوونی ئەو کەلوپەلانەی هەروا لەماڵەوە داناوە و کەسێکی دەست نەکەوتووە، تا کارەکەیان بۆ بکات.

دەبوو لە بەیانییەوە تا ئێوارە درەنگانێ لە دووکان بمابام، چونکە ڕۆژانە دووسێ جار وەستا حەمەدەمین کەرەستە و کەلوپەلی ئیشیان لێ دەبرا و داوایان دەکرد تا بۆیان ڕەوانەبکەم. کابرام تێگەیاند کە ئەوەی داوای دەکات بە من ناکرێ، ماوەو دەرفەتی ئەوەم نییە دووکان بەجێ بهێڵم، بەتایبەت بۆ وردە ئیشێکی ئاوها، بەڵام وادیاربوو ئەو حەزی بەگەڕان بەدووی کەسێکی تردا نەدەکرد و ئەملاولای پێ نەدەکرا، بەتایبەت لە قسە و گفتوگۆی دوێنێماندا ئەوەی زانی کە دەرچووی بەشی کارەبای کۆلێجی ئەندازیاریم و لە ناچاری و بێکاریدا لای وەستا حەمەدەمین بوومەتە شاگرد.

کابرایەکی بەهەیبەت و بەویقار، بە لوتف، لە قسەکردندا، خێرا خێرا لە قسەکانیدا (لوتفەن... لوتفەن)ی بەکاردەهێنا و زوو زوو دووپاتیشی دەکردەوە کە ناهێڵێ ماندووبوونەکەم بەعەفواچێ و دووقات هەقم بۆ دەکاتەوە. هێندەی لەگەڵ گوتم و هێندە دەس و دامانم بوو تا منیش لە ڕوویدا دامام، بە تایبەتی کە ئەوەشی دا بەگوێمدا کە کرێی ماندووبوونەکەم بەزیادەوە دەداتێ، ئیدی خۆم بەخەجاڵەتبار دەزانی داواکەی ڕەتکەمەوە، گفتم پێدا کە سبەی، یان دووسبەی بەو ناوونیشانەی پێی دام بچم بۆ ماڵەکەیان، چی پێویستبێ لە نوقسانییە کارەباییەکانیان بۆی جێبەجێ بکەم، مەرجی ئەوەشم لێ وەرگرت کە تەنیا ڕۆژێک دەتوانم ئەو کارەی بۆ بکەم و دووکان جێ بهێڵم.

- خەمت نەبێ ئیشەکە زۆر نییە، هەرچەند سەعاتێکە، بەڵام بمبوورە، لوتفەن نەمزانی ناوت چییە؟

- نوێ بین.

- پیرۆزە، ناوێکی تازە و خۆشە.

***

بەیانییەکی سەرەتای پاییزێک بوو کە کەشوهەوا وەک بەهار خۆی دەنواند، کەرەستەکانی کارەکەمم لە توورەکەیەکی چەرمین نا و نام بەشانمەوە، بەرەو ئەو ماڵە بوومەوە کە بۆی هەڵدابووم. یەک دوو جار لە درگەکەم دا، ژنێکی دەموچاو ترشاو کردییەوە، بەرلەوەی دەم هەڵهێنمەوە ئاودامان پیاما ڕوانی:

- چیت دەوێ؟

- من هاتووم بۆ ماڵی ڕوژدی بەگ، ئێرەیە؟

- ئەودیوە.

ئەمەی وت و دەم و دەست کشایەوە دواوە و زرم درگەکەی بەڕوومدا داخست.

ویستم داوای لێبوردنی لێ بکەم... نەیهێشت.

کە لە درگەکەی ئەودیوم دا، ژنێ لێی کردمەوە سەری سۆندەیە ئاوی بەدەستەوەبوو و لە ئاودانی باخی حەوشەکەیاندا بوو. جوان و تەڕ و لەبار، مانەندی ئەو گوڵە پاییزانەی تا ساردی نەکردووە دەگەشێنەوە، دامێنی کراسە خورماییە تەنکەکەی بەری تا سەرووتریش بەو ئاودانە تەڕببوبوو و بەپاوپووز و ڕانیەوە نووسابوو، بە ڕوویەکی کراوە و خۆشەوە ساتێ پیاما هەڵی ڕوانی و ئینجا گوتی:

- فەرموو فەرموو، نوێ بین؟ تۆ کوڕی کارەباچییەکەی؟
- بەڵێ، ڕۆژدی بەگ لە ماڵە؟
- فەرموو فەرموو، هەڵنەستاوە، هەر ئێستە هەڵی دەستێنم... باسی تۆی بۆ کردووم.

ژنە پێشم کەوت. سی و پێنج ساڵێک دەبوو، لەش پڕ و بەجووڵە، قەفی قژە ئاڵتوونییەکەی لەپشتەوە بەهەر هەنگاوێکی بەشێ لەناو شان و لاملی گۆشتنیان پیشان دەدام. پێی پەتیشی بەسەر کاشییەکاندا بەشێک بوو لەو پانۆراما دڵگرەی ئەو بەیانییە ئاودارە... چ حۆرییەکە؟!

لە باخچەکە تێپەڕین و درگەیەکی ساجی ڕازاوە بەتەرزی ئەندازەیی دەستی شارەزایەکی بەدیققەتی کردەوە، کوتوپڕ لایەکی کردەوە و هەر بەو ڕووە کراوەییەیەوە دیسان فەرمووی لێ کردم. من ویستم ئەو بەر لە من بڕوا، بەڵام وەک بمناسێ دەستێکی بەشانمدا داو فەرمووی لێ کردمەوە.

سەرسام بووم، چ جیاوازییە وا لەنێوان ئێشی نووکە دەرزییەکدا کە بچێ بەسەری پەنجەتا و موچڕکی یەک لەدوای یەکی دەمارە هەستەوەرەکانی مێشکت، کە قامچی ئاسا لەساتێکی چاوەڕوان نەکراودا وریات دەکەنەوە؟

کەوتمە هۆڵێکی فراوانی ڕازاوە بە کەلوپەلی جوان و عەنتیکەی وا کە مەگەر لە گۆڤار و فیلمەکاندا دیبێتم. جوانی و بێدەنگی لە هۆڵەکەدا و هاتوچۆی ئەو ژنەجوانە خستمیانە دەریایەک لە شڵەژان و عەجباتییەوە، بیرکردنەوە لەوانەی لەم هێلانەیەدا دەژین، لە ڕۆژدی بەگ و ژنەکەی، لەو تابلۆ زەیتییەی بە تەختی دیوارەکەی بەرانبەرمەوە هەڵواسرابوو: تەمومژێکی خەستی باراناوی و تارمایی ژنێکی ڕووت لەپەنا درەختێکدا... شینباو.

نەمدەویست لەو هۆڵە زیاتر هەنگاوبنێم، خۆم کوتا بۆ نزیکترین کورسییەک دانیشم، بەڵام ئەو ژنەحۆرییە جوانەی ڕۆژدی بەگ دەستی دایە دەستم و یەکەوڕاست بەرەو ژووری نووستنەکەیانی بردم. واق وڕماو لەوەی تێی کەوتم، بێدەنگ هەر دەمڕوانییە ناو ژوور و کەلوپەلی جوانی. ڕۆژدی بەگ ڕووتوقووت بەدەرپێیەکەوە لەسەر سیسەمەکە درێژ بووبوو، سەری لەبن بالیفەکە نابوو وەک بیەوێ ژاوە ژاوی دەوروبەر لەخەوی نەکەن، جەستەی لاوازی سووربباوی لاکێکی هەڵواسراوی دووکانی قەسابێکی دەهێنامە بەرچاو. گورج پرسی ئەوە هات بە مێشکمدا:
- چ شەوێکی پڕ ئازاری تێپەڕاندبێ؟

هەر لە شڵەژاندا بووم... نەمدەزانی چی بکەم و چی بڵێم... سەگێکی تیسکنیش لەخوار سیسەمەکەوە لەخەو بووبوو و بە مۆڕەوە تێمی دەڕوانی.
- خانمەکەم، من دەچم لەوێ چاوەڕوانتان دەکەم (دەستم بۆ هۆڵەکە درێژکرد)
- نا بوەستە، نابینی وا بە ئاگای دێنم: ڕۆژدی... ڕۆژدی هەستە ئەوە کوڕی کارەباکەیە. نوێ بین.

ئێمەی گەنجی کلۆڵ، بەپێی پێگەی شێوازی ژین و ژیانمان هەر گیرۆدەی ڕێ و ڕەسمەکانی پێشووترین، کەسانێ هەن لە ئێمەیان تێپەڕاندووە، لە قەبارەی مامەڵەکردنی نێوخۆ و دەرەوەیاندا بەوانەی پێشوو نامۆبوون، جا با وەک ڕۆژدی بەگ و ژنەکەیشی بن.
- خوایە ئەم شارە لەپڕ کەوتە کوێی مێژووەوە؟! خەڵکانێکی وەک کارگ هەڵتۆقیو پارە و بوون بەرەو چ ئاقارێکیان دەبات؟

لەم لێکدانەوانەدا بووم و ژنە جوانەکەی ڕۆژدی بەگیش چاوێکی لەسەر من و توورەکە چەرمینەکەی کۆڵم بوو... پاش کەمێ دیسان نێزیکم کەوتەوە و باسکی درێژکرد بۆ توورەکەکە:

– دایگره، ئەمە داگرە و (دوای وێستانێکی کەم) نانی بەیانیت خواردووە؟

– نا... من بۆ ئیشەکەتان هاتووم، سوپاست دەکەم.

– ئیشی چی؟

– چاککردنی نوقسانییەکانی کارەبای ناو ماڵەکەتان.

قاقایەکی کێشا و کەمێ بەپشتا کەوت، ئەوجا دەستی بۆ توورەکە چەرمینەکەی کۆڵم برد و دایگرت:

– ئا ببوورە، ڕۆژدی دەیەوێ هەموو شت وەک خۆی و لەجێی خۆیدابێ، ئەوە کاری ئەوە، حەزناکات نوقسانی لە هیچ شتێکی ناوماڵدا هەبێ... وەرە ئەمدیو باجارێ نانی بەیانیمان بخۆین تا ئەو هەڵدەستێ و کارەکەت پیشان دەدات.

سەر مێزی نانخواردنەکەی بە هەمەجۆر لە خواردنەکانی بەیانیان ڕازاندەوە، کووپێک شیری خستە بەردەستم و پرسی کە حەزدەکەم کەمێک چای بەسەردا بکات؟ بەڵام من ئەوەم نەویست و لەپڕ بە ئاوازێکی ناسک دەنگی مۆبایلەکەی هات. هەڵی گرت و ساتێ لێی وردبووەوە:

– ها... بەیانی تۆش... بزانم چی هەیە و نییە؟

– ..................

– ناتوانم، میوانم هەیە، بۆ کاتێکی تر.

– ......................

– بەڵێ، کەمێ ئاقڵ بە، بچۆ بەلای ژنەکەتەوە. با ئەمڕۆ بۆ ئەوبیت... خوێڕی ڕێز لەو تاڵە سپییانەی سەر و فەساڵت بگرە... دەبڕایەوە سەرمان مەیەشێنە کەرپیاو.

– ...

– دەمت داخە نارەسەن، کەی تۆ پیاوی.

ئەمەی بە حیدەتێکەوە گوت و دایخست.

ڕووی کردە من:

– کەری واش هەیە، دایرەیەکیان داوەتە دەست و دەیەوێ جێی بهێڵێ و دوای هەوەسی ناوگەڵی کەوێ... ئاوا کاری خەڵکی مەیسەر دەکەن. کە جارێ درگەی لێ کرایەوە ئیتر وادەزانێ بووەتە خاوەن ماڵ.

لەبەر ئەوەی هیچ پێشینەیەکم لەمەدا نەبوو، هەر لە قسەکانیم دەڕوانی، بێدەنگ و دەیان پرس لەناخمدا گلۆڵە دەبوون و لە ڕووما خۆیان دەردەخست... بێ ئەوەی بیاندرکێنم ئەو خۆی پێنەگیراو بەدەم خواردنی پارچە سەموونێک کە کەرەو هەنگوینی تێوەدابوو... قومێ شیری بە سەردا کرد و گوتی:

– ئازایی ئەوە نییە لەپشت پەردە و دەمامکەوە خۆت پیشانی خەڵکی دەی و ڕوویەکی ساختەی خۆت بکەیتە بەرانبەرەکەت، ئێستە من و تۆ لە سەعات تێناپەڕێ کە یەکترمان دیوە، بەڵام لەو ناسینە کەمە زیاترم لانییە کە ڕۆژدی بۆی باس کردووم. ئیدی بەبینینت و بەم ماوە کەمە تارماییەکی کەمێ ڕووناکت لام دەرکەوتووە. جا چ پێویست دەکات لە بەرانبەرت دەمامکێ ببەستم و خۆمت لێ بپارێزم وەک ڕۆژانی پەتای کۆرۆناکە؟

– خانمەکەم، قسەکانت لەجێی خۆیدان، بەڵام لەگەڵ ڕۆژگاردا چی دەڵێی، ئیتر هەرکەس بەجۆرێ خۆی دەخاتەڕوو، ناشکرێ سفرەی دڵ و دەروونی خۆمان بۆ هەمووان یەکاڵاکەینەوە.

بزەیە گرتی و لایەکی بەلای ژووری نووستنەکەیاندا کردەوە، لەپڕ بزە تەنکەکەی سەر ڕووی ئاوابوو و برۆکانی هێنایەوە یەک و گرژییەکەی سیما و ڕوخساری ژنێکی جوانی کامڵیان پێ بەخشی، نەبرەی دەنگی گۆڕاو ئەو لەتە سەموونەی ویستی بەدەمی چەقۆکە کەرەی تێوەدا داینایەوە:

– شەوگار کەوڵەکۆنێکم وا لەلاوە، ساردوسڕ،

ڕابوردوو و سەرسەڕێتی بەتاڵیان کردووەتەوە، زۆرتر کانیاوێکی وشکبوو لە بیابانێکی بەریندا. ئێ کە ڕوویەکیشم بە کەسێک دا مانای هەتا هەتایی نییە، دنیا دەگۆڕێ و بەردەوام لە گۆڕاندایە... ئەم گەمژەیەی ئێستە کە سوودمەندە لەوەی بۆی هاتووەتە پێش وەک کەری ناو جۆگە لەمبەر و ئەوبەر دەخوا، دەیەوێ بەردەوام منیش بدۆشێ. ئەم سەر و سمێڵ قەترانییانە لەو گژوگیاگەلانە دەکەن کە بەڕێکەوت لەمبەر و لەوبەری جۆگەکە پەیدا دەبن و زۆرنابا بەدەم ئاوەکەوە دەڕۆن، نازانن ڕۆژان و شەوان هەردەم شتی تازەیان لەلایە و دەیهێننە گۆڕێ. شت لەو باشتر، لەو خاوتر و گوڵ بەدەم. بەمۆری شەریکەوە.

ئەمەی گوت و قاقایەکی کێشا و قومێک ئاوی هەڵدا.

موچوڕکێک بەلەشما هات و دەرچوو، ئەم ژنە بێپەردە قسەدەکات، چۆن وازوو خۆیم بۆ یەکالا دەکاتەوە؟ بۆچوونەکانی دەق لە نووسین و کۆمێنتەکانی ناو فەیسبووک دەکەن کە هەندێک دەستەکچ و ژنان بوێرانە دەیانخەنە ڕوو، یان بەناویانەوە بڵاودەکرێتەوە... بەقومێک ئەوەی مابوو لە شیروچاکە خواردمەوە و هەستام، دەستم دایە توورەکە چەرمینەکەم ویستم بڕۆم، بەڵام ئەو پەلی گرتم و بەدەستەکەی تری توورەکەکەی لێ سەندم:

- بۆ کوێ، کارەکەت ناکەیت، ئەی ڕۆژدی نابینی، یان لە قسەکانم نیگەران بووی؟

- نا خانمەکەم نا، وادیارە ڕۆژدی بەگ وازوو هەڵناستێ و منیش بچم بەلای دووکانەوە نەک منیان پێویستبێ، دووکان بەسەر مندا جێهێڵراوە.

دەستی هێشتا بە مەچەکمەوە بوو بەری نەدابووم، توورەکەکەی خستە سەر کورسییەک و دەستەکەی تری نایە سەر شانم، دەمانڕوانییە یەکتر، هەرکاممان بەسەر ئەوی تردا زاڵبوو، بەڵام دەمزانی کە لە دەروونەوە هەریەکەمان لە گۆماوێکی بێ بنی ترسناکدا پەل دەهاوێ.

بە نیمچە تکاکردنێکەوە گوتی:

- دانیشە چیتە بەسەر ڕۆژدییەوە تۆ لەگەڵ مندای و ئێستە نوقسانییەکانت پێ دەڵێم و کاری خۆت بکە، ئەمڕۆ تۆ میوانی منی.

نوقسانییەکان شتێکی ئەوتۆ نەبوون، ئاسان و سووکەدەست بوون، دوای ماوەیە ڕۆژدی بەگیش لەخەو هەستا و کەمێک هات بەلامەوە، پاشان ڕوخسەتی خواست کە دەچێ شتێک دەخواو... ئیدی ونبوو، هەر ساتە ناساتێ ژنەکەی دەهات بەلامەوە شتێکی لە میوە، یان پەرداخێ شەربەتی بۆ دەهینام و دەکەوتە قسە، قسەی وا کە بەلای منەوە تازە، یان نامۆبوون، بەڵام زۆر بە ڕاشکاوی و ئاسایی دەیکردن، وەک عەیامێک بێ یەکتر بناسین و هاوەڵ بین... زۆر لایەنی ڕابوردووی ژیانی خۆی بۆ باس دەکردم. جار ناجار پرسیاری لە ژیانی منیش دەکرد، بەڵام هیچی وام نەبوو کە جێی باس بێ، دەیپرسی ئاخۆ کچێ ژنێ هەیە لەژیانمدا و لەم بابەتانە؟ بەڵام وەڵامەکان بە نەخێر کۆتاییان دەهات. بۆیە دەیگوت:

- پیاوان زۆڵن هەموو شت دەکەن و سرپیان قایمە هیچ نادرکێنن، هەر ئافرەتی کلۆڵە قسە لە دەمیا ناوەستێ، من زۆرم بۆ باسکردی کەچی تۆ هیچ.

ڕاستی کرد، بەدرۆبێت، یان ڕاست گەلێک لاپەڕەی لەژیانی خۆی بۆ هەڵدامەوە، بەڵام من هیچم نەبوو تا بۆی باس بکەم، وەک زۆر گەنجی سەردەمەکەم لە خەم و حەسرەت و هەناسەساردی بەولاوە، لە نائومێدی بەو ژیانەی تێی کەوتبووم.

***

دوو مانگ بوو وازم لە شاگردییەکە لای وەستا حەمەدەمین هێنابوو، دایکم زۆرم لێ پاڕایەوە کە ئەمە نەکەم، ئەو ژنە جێی متمانە و بەقا نییە، بەڵام منیش وەک هەر گەنجێکی ئەمڕۆ حەز و ئارەزووی زۆر خولیام بوو. دەمویست وەک زۆر لە هاوڕێکانم بژیم، کارم هاتبووە سەر هامشۆی ماڵی ڕۆژدی بەگ و هەتاوخان. ڕۆژ لەدوای ڕۆژ لە دووکان سارد دەبوومەوە و کارەکانیم پشتگوێ دەخست، ناچار وەستا جوابی دام و یەکێکی تری هێنایە جێم دەرچووی کۆلێجی قانوون!! منیش بێ پرس لەوەخت و ناوەختا خۆم بەو ماڵەدا دەکرد کە پسوولەی ئەندامێتیم تێیدا درابوویە، یەک لە کلیلەکانی ماڵەکە لای خۆم بوو، ڕۆژدی بەگ دەیزانی من بێجگە لە کارە بەردەستی و ئاگابوون لە کاروباری ئۆفیسەکەیان لە ماڵیشەوە چی دەکەم، کە دەهات بەسەرماندا گورج لەگەڵ کشانەوەیدا:

– ئاه... ببوورن، من دەچمە ئەودیو.

بەو جیاوازییەی تەمەنیانەوە دوای دووژن ڕۆژدی بەگ هەتاوخانی هێنابوو، هەرساڵێک وەک ژن و مێرد پێکەوە بوون، ئیدی هەرکەس بۆ خۆی سەربەست بوو، وەک مێردێک هەر بە قەدوباڵای هەتاویدا هەڵدەڕوانی و هیچی تر، ئازادییەکی تەواوی دابوویە کە چۆن دەژی، چۆن خەرج دەکا، لەگەڵ کێدا دەژی، ئەمانە بووبوونە شتی ئاسایی لای ئەم ژن و مێردە. سەرەتا هەتاوخان لەو کارگەی بلۆکەی لە مێردی یەکەمییەوە بۆی مابووەوە پشکێکی دابوویە. ئەوەبوو نرخی سەربەستییەکەی هەرکامیان. دوای ڕاپەڕین و فراوانبوونی بازنەی ناسیاوییەکانی لەتەک دەستەڵات و پیاوانی کاردا، هەتاوخان بووە خاوەنی بەشێک لە کۆمپانیایەکی هاوردەکردنی جگەرە و ئۆفیسێک بۆ ڕاییکردنی کاروباری کارگە و کۆمپانیا، ڕۆژدی بەگ زۆر حەوسەڵەی لەسەر کاری ئۆفیسەکە نەمابوو، ناوەناوە سەردانی دوکتۆری دەکرد و وەک هەتاو خان دەیگوت:

– کابرا سکراب بووە، ڕۆژبەڕۆژ دەپووکێتەوە... ئاگات لێی بێت لە حساباتی ئۆفیسەکەدا پاشقولی لێ نەگرن، بزانە کە نوێنەری کۆمپانیاکە دێت چاوت لێی بێت، کچێکە شەیتان و زۆرزان و وریایە.

هەیکەلی پێکهاتەی ئۆفیسەکەش زۆر قەبە نەبوو، ژنێکی تەڕپۆش کە لەوەوبەر کارمەندی بانک بووە، ژمێریاری و کلیلی قاسەکەی گرتبووە خۆی، جوانی و لەباری ساڵانی پێشووی هێشتا لەڕوودا شەوقیان دەدایەوە، سوعبەتچییەکی بێ پەردە و دەم بەخەندە. هەر ئەم نیهایەت خانەش بوو کە بەهرەی هێنابوو بۆ کاروباری نووسین و تایپی سەر کۆمپیوتەرەکە، دەرچووی کۆلێجی یاسابوو، لە بێکاریدا هەرباشبوو ئەم ئیشەی دەستکەوتبوو، کاک سمایلیش کاری دەرەوە و چا و قاوە ئامادەکردنی گرتبووە دەست خۆی، بەڵام وریا و زمانلووس، وا دیاربوو ئاگای لەگشت (هەیە و نییە)ی ناو ئۆفیس و ماڵی ڕۆژدی بەگ بوو، نەیدەویست ئەوەی خوا دەیدا و لە هەتاوخانەوە دەستی دەکەوێ لە کیس خۆی بدات، کە جەماعەت دەچوونە باخەکەی ئەودیو شار، ئەم کەبابچییەکی لێزانی وابوو نەبێتەوە.

دوای هەفتەیە لە ناسیاویم بەم خانەوادە کپ و بچکۆلەیە، نیوەڕۆیەک لەسەر نانخواردن هەتاوخان پرسی:

– لە دووکان مانگی چەندت دەست دەکەوێ؟

– سەد و پەنجا هەزار.

– هەر ئەوەندە؟... چۆن؟!

– لەبێ ئیشی باشترە. چی بکەم بۆ ئێمەمانان

ئیش لە کوێ هەیە.
- وەرە لای خۆم... ئیشوکاری بلۆکەکە بگرە دەست، لە پارەش مەترسە. ئەو هەتیوە چاوبزەی لەوێیە دزیمان لێ دەکات و سێ ڕۆژە جوابم داوە تا بڕوات... وەرە لای خۆمان، کەی ئەوە ئیشە دەیکەیت؟ گەنجێکی وەک تۆ و ئەندازیار مانگی بە سەد و پەنجا هەزار، خوا بیانگرێ کەی ئەوە ویژدانە؟.

ئەمە سەرەتای کارکردنم بوو لای دامەزراوەی ڕۆژدی بەگ و هەتاوخان، نا بەڵکە هەتا لە ماڵیشەوە، کەی دەهاتم و دەچووم و چۆناهیم دەگوت لێپرسینەوەم نەبوو، هەتاوخانم وەک شۆفێرێکی تایبەت بەملاولادا دەبرد، لە ئۆفیس کە سەردانم دەکردن وەک بەرپرسێکی شوێنەکە مامەڵە دەکرام، نیهایەت خان هەرزوو بەڕووە خۆش و سوعبەتەکانییەوە بووە ئاشنا و برادەرێکی نزیک.

ڕۆژبەڕۆژ بۆم دەردەکەوت کە هەتاوخان چ توانایيەکی لەڕادەبەدەری لە کێشکردنی خەڵکانی تردا هەیە، بەتایبەت پیاوانی کار و دەستەڵات، بۆیە کاروبارەکانی لەبرەودابوون و هەر گێچەڵێکی پێ بکرایە، هەر قۆرتێ بهاتبایە ڕێی، زۆر بە وریایی و سووک و ئاسان لێی قوتار دەبوو، جوانی و دەمپاراوی و سەربەستییەکەشی لەمانەدا فریادڕەسی بوون. هەر بەهۆی ئەمەوە گەلێک کەسی ناودار و دەسرۆیشتووم ناسی، هیوایان هەبوو برێکی هێجگار زۆری پیشان دەدام تا هەتاوخانی بۆ قایلکەم!! بەڵام من وام دەزانی هەتاو هەر بۆ خۆمە و نابێ بۆ کەسی تربێ. شەوانی باخەکەی ئەودیو شاری تەنیا بۆ دەستەیە لە کەسانی دیاری کراوبوو، هەندێک جار تەنیا بۆ یەک دوو ژنی ناسیاو و هاوڕێی بوو کە دەمبردن و منی مەرەخەس دەکرد و کاتێکی لە درەنگانی شەو دیاری دەکرد تا بچمەوە بە دوایاندا، من و ڕۆژدی بەگیش لەماڵەوە خەریکی تاوڵە و ئەزنیف بووین، ئەو بەدەم خواردنەوەوە زوو زوو بەمنیشی دەوت: (کورە دەپێکێک تێکە و ببڕێتەوە، بۆ دەترسێی شیری شێرە شێر) من شەرمم دەکرد و سوور هەڵدەگەڕام، بێدەنگ دەبووم. کە درەنگانێکی شەو دەچووم بەدوای هەتاو خان و هاوڕێکانیدا لەڕێگا بەقسە و گفتوگوکانیاندا دەردەکەوت چییان خواردووەتەوە و چییان کردووە، بۆ بەیانییەکەی یەکەم قسەی لەگەڵم:
- ها، نەکەی، ئەوە لەنێوان خۆماندا بێ و ئاگات لە دەمت بێ... کورە باجەکەی قورسە!!

شەوانی تری باخەکە (عائیلەوی) بوو، وەک خۆیان دەیانگوت. چەند پیاو و ژنەکانیان، من و کاک سمایل کە هەریەک کاری خۆی دەزانی. نیهایەت خان و مێردەکەی میوانی هەمیشەیی بوون، (هاوکات) و ژنە ڕیوەڵەکەی کە نەخۆشێکی هەمیشەیی بوو، ماوەیە بوو هاتبوونە ڕیزەوە و وەک دەڵێن میوانی بەرنامەبوون، ئەمانە لە درەنگانێکدا وایان لێ دەهات کە هەڵدەستان ڕەتیان دەبرد، هەیانبوو ئەوی تری لێ تێکدەچوو!! پەرواخان بەو کیلۆ ئاڵتوونەی سەر سنگ و باسکەکانی پێ ڕازاندبووەوە، کە هەڵدەستا زرنگە و بریسک و هوڕی لێ دەبووەوە، لە هەتاوخان چالاکتربوو، ئەوبوو کە نامۆبوو بە تەمەنی، بە جەستەی پڕ لە حەز و ئارەزووی، بە هەڵپە بۆ هەموو شتێ کە دەستکەوتبێ، بەڵام خەمێکی گەورە زوو زوو سەر ڕووی دەگرت و فرمێسکەکانی تک تک سەرەوخوار دادەڕژانە سەر چەناگەی گۆشتنی. خەمی لەدەستدانی (سەروەر)ی مێردی کە لە پێچەکانی مەسیفدا وەرگەڕان و ئەو ملی بەسەر سوکانەکەدا شکابووەوە:
- زیادەخۆری کردبوو، کە دەکەوتە خواردنەوە

خۆی لەبیر دەچووەوە، گوێی بە قسەم نەدەدا، بگرە ئەو شەوە پیاما تەقییەوە و بێ ئاگا قیژاندی (دەترسێی؟ بوەستم و بتدەمە دەست پیاوێکی تر؟)... ئاوهابوو، بەدەمەستێک بوو نەبێتەوە تا سەری خۆی دانا.

لە نەشئەیەکی کەمی خەیاڵدا هەموو جارێک تارمایی سەروەری مێردی جەوەکەی لە پەرواخان لێڵ دەکرد، ئەگینا دوای ئەو هەتاوخان ئاسا چاک و باش جڵەوی کاروبارەکانی مۆڵەکەی سەروەری گرتبووە دەست و بەڕێوەی دەبرد... بۆ خۆیشی دەژیا و دەیزانی تەمەن وا بەتەکان بەرەو پێشەوەی دەبات، بۆیە کەوتبووە پرس لەم و لەو لە دوکتۆری جوانکاری، کامیان باشتر و کارامەتر و... هەرزانترە.!!

هەر لەو شەوانەدا بوو بە زۆر و بە تەکلیفی ڕوژدی بەگ وایانکرد کە دەم بۆ خواردنەوە ببەم، ویزە ویز وەک زەردەواڵە ڕوژدییەفەنی دەوروخولی دابووم:

- کوڕە تاکەی دەبیتە پیاوی ناو پیاوان؟ دەهەڵدە، پێکێک لەو شیری شێرە هەڵدە،

بەڵام من ئەو شەوە دوو قوتوو بیرەم خواردەوە، بۆیە بەگ بەتەوسەوە پێی دەوتم:

- جا ئەوە چییە (شرب مال بنات).

کە ئەمەی دەوت ڕوویشی دەکردە ژنەکان و قاقا پێدەکەنی.

***

کە گەیشتینە سەرەتای تونێلەکەی ئەزمڕ و بەرەو شار بینەوە، ڕوژدی بەگ دواچۆڕی ناو بوتڵی ویسکییەکەی نۆش کرد، نەگەیشتینە کۆتایی تونێلەکە ئەو ملی بەلادا هات و سەری بەلای مندا لاربووەوە پەپوولەیەکی باڵ هەلاهەلا بوو بەدەست جەوری زەمانەوە، لە دنیای خۆیدا لەسەرخۆ بەخواستی هەتاوخان دەژیا، بەڵام لەناوەوە دیاربوو بێ دەسەڵات دەکوڵا، وەک هەموو جار چووە خەوێکی قووڵی نیمچە بوورانەوەوە.

هەتاوخان لەدواوە دەستی هێنا و لە قەبرغەمیەوە ژەند و چرپاندی:

- بۆ کافیتریاکە و دوایی ماڵەوە.

ئەو فێربوو هەرکە دەهاتینەوە شار دەبوو سەرێکمان لە یەک لە کافێ پەناکان بدایە، یەک دوو فنجان قاوەی بەنێرگەڵەوە هەڵدایە. ئەم جارە جیابوو، دەمزانی دەیەوێ قەرەبووی باخەکەبکاتەوە، کە پەرواخان لێی تێک دا و بە قسە و باس و لاقرتێ بێ پەردەکانی سەرنجی هەمووانی بۆ لای خۆی ڕاکێشا، ئەوەبوو یەک دووجاریش کە (هاوکات)ی دووکانداری کەمالیات هەڵدەستا، ئەویش دووی دەکەوت! ئەمیان جێ دەهێشت بۆ ڕوژدی بەگ و فیشەی جگەرە کێشانە نەبڕاوەکەی، بۆ نیهایەت خان و باسوخواسی نەخۆشی شەکرە و زەخت و تێکچوونی کارەبای دڵی دایکی، بەڵام کە لە خۆیت دەڕوانی دەتزانی بەو تەمەنەیەوە هێشتا پڕە لە وزەو ژیانی ژنێکی بەئارەزوو لە ژیان، بۆ کاک سمایل و شیشە گۆشت و کەبابەکانی، ڕووکەشی و درۆ و ساختە لە پێوەندییە سەرزارەکییەکانی ئەم جۆرە دەستە و کۆمەڵانە، ئەم بەناو دۆست و برادەرانە، مەگەر کەسانێکی دەرەوەی یاریگەکە، کەسانێکی وەک من و مام سمایل هەستمان پێ بکردایە و بۆگەنەکەیمان بەلووتا بچووبایە... پێوەندییەک بەدەر لە گشت نەریت و عورفێک... جا هەتاوخان تووڕەبوو ئەمما تووڕە، بەڵام من پێم گوت:

- ئاخر چۆن، نابینی بەگ خەوتووە؟

- خەوتووە نەخەوتووە کێشەی خۆیەتی، با هەر لە سەییارەکەدا بێ تا قوزەڵقورتێ دەخۆمەوە.

هەرواشمان کرد، سێ چارەکی تەواو بە

نووسـتوویی لـە سـەییارەکەدا جێمـان هێشـت، دەوروبـەری یـەک و نیـوی شـەوبوو گەڕاینـەوە ماڵـەوە، ڕوژدی بەگم پەلکێش کردو بەهەزار حاڵ بردمـە سـەر جێگەکـەی خـۆی، هەتاوخـان کەمـێ دانیشـت و پەرداخـێ ئـاوی سـاردی خـواردەوە و نەچـوو خـۆی بگـۆڕێ، هـەر بـە جلەکانییـەوە لەسـەر قەنەفەیەکی هۆڵەکە ڕاکشا و بە منیشـی گـوت:

– تـازە درەنگـە... مـەڕۆرەوە، تـۆش لەوبـەرەوە ڕاکشـێ و بنـوو.

منیـش وام کـرد، بـەڵام زۆری نەبـرد بێدەنـگ لەسـەرخۆ هاتەلامـەوە.

***

هەتـاو تابڵێیت خۆشی نەدەهات لە پەرواخان، بگرە دەیبوغزاند، کەمێک لـەو ڕەونەقدارتـر و بە شـەوقتر بـوو، ئەمـە سروشـتی زۆریانە، کـە ناتوانن لەخۆیـان جوانتـر و ڕووناکتـر ببینـن، بـەڵام ئـەوەی وای کردبـوو دەسـتبەرداری نەبـێ سـاغکردنەوەی بەشـێکی زۆربـوو لـە جگـەرە هاوردەکانـی لەڕێـی مۆڵەکەیانـەوە و ئاودیوکردنیـان.

ماوەیـەک بـوو ڕوژدی بـەگ تەندروسـتی بـاش نەبـوو، کـوڕە گەورەکـەی لـە ئەوروپـاوە بـۆ سـەردان هاتبـووەوە، یـەک دووجـار لەماڵـەوە سـەردانی کـرد و جارێـک بردییـە لای دوکتـۆری نەخۆشـییەکانی دڵ. لەمـەوە بڕیـاری دا مامەڵـەی بـۆ بـکات و لەتـەک خۆیـدا بیباتـە دەرەوە بـۆ چارەسـەر.

زۆری نەبـرد، هەمـووی دووهەفتـەی پێچـوو کـە هەواڵـی مردنەکـەی گەیشـت و تەرمەکەیـان هێنایـەوە، هەفتەیـەک بـوو پرسـەکەی تـەواو بووبـوو، شـەوێک لـە هۆڵەکـەدا دووبـەدوو بووین، هەندێـک میـوان تـازە ڕۆیشـتبوون، بیرەیـەک و پێکێـک ویسـکی بـە تەنیـا هەڵـدا، کەمێـک خەریکی پیاڵـە و پـەرداخ شـتنی میوانـەکان بـوو، دوایـی هـات و بەرانبـەرم دانیشـت. کەمێـک لێـم ڕامـاو لەپـڕ:

– بۆ نایەی مارەتکەم!!

– چی؟!!

– ئـا ببـوورە، مەبەسـتم مـارەم کەیـت... ئەمـە ناکرێ هـەروا و... قسـەی خەڵکیـش.

– ڕاستە، بابیری لێ بکەمەوە.

– بیری ناوێ، ڕێوی هاتووە بەپیرتەوە.

– باشـە مـارەت دەکـەم، بـەڵام وەک ڕوژدی بـەگ نا .

– ئـەی چـۆن؟ کەنیـزەک و سـەروەت و سـامانت دەوێ... ئـەوە نـا، هـەر کـەس ئازادبـێ، ئەمـەش مەرجـم بـوو کاتـی خـۆی لەگـەڵ ئـەو. نابینیـت لاریـم نییـە لـەوەی کوڕەکـەی داوای دەکات لـە پشـکی باوکـی لـە بلۆکەکـە، کۆمپانیاکـەش بەنـاوی خۆمەوەیـە، هەمـوو شـت بـە نووسـین و ڕەسـمییات خۆشـە، کێشـەی نییـە.

– ئاخـر مـن واز لـە هەمـوو شـت دێنـم بـۆ تـۆ، وەزیفـە، کار، کاسـبی... نابـێ جێگەیەکـم لـەلات هەبـێ؟

– ئـەوە دەڵێـی چـی؟! وەزیفـە کـوا؟ بەتتـاڵ حەتتاڵی، کار و کاسبی، تۆ شـاگردی دووکاندارێک بـووی، مانگـی بـە سـەدو پەنجا هـەزار، ئەمانـە شـتن باسـیان دەکـەی؟ چۆنـە لەگـەڵ ئـەوەی سـاڵ و نیوێکـە لای منـی؟

ئەمانـە و زۆر منەتـی تـر هەسـتیان دەڕووشـانم، لـە قسـەیدا دەیویسـت هـەر وەک خزمەتکارێـک، یان باشتر وەک ئـەم ماوەیـەی پێشـوو بەناویش وەک مێـردی بـم. هەسـتا و چـووە ئەودیـو، کـە هاتـەوە کراسـێکی تەنکـی شـەوی لەبـەر کردبـوو و قـژی بـە شـان و ملیدا بەردابـووەوە، ئینجا لـە دواوە گرێـی دا و تۆپەڵـی کـرد، خۆیـدا بەسـەر قەنەفەیەکدا، باوێشـکێکی داو شانی خستە سـەر گۆشـەیەکی نەرمـی تووکـن، قاچـی لەسـەر قـاچ

دانا. شێتانە چاوی تێ بڕیم و متەقی لەخۆی بڕی... گوتم:

– من ئەوەی لەخەیاڵتایە نایکەم، دەبێ بۆ خۆم بێ، ژنم بێ، پارە و سامانیش ئەوە گرنگ نییە، با لای خۆتبێ.

هەرکە وام گوت شڵەژاو ڕەنگی بزڕکا، چاوەکانی ئەبڵق بوون و قیژاندی بە سەرما:

– سەگبابی خوێڕی دەتەوێ ببمە کەنیزەکت، یان قەپاتمەت، هەر لەبەر ئەوەی گەنجی و بەکاری، بۆ دنیا کاول بووە و لە تۆ زیاتری تێدا نییە؟

من ڕاهاتبووم لە جنێو و قسە سووکەکانی کە زۆجار بە سوعبەتەوە تێی دەگرتم، بەڵام ئەم جارە هەڵچوون و نەبرەی دەنگی بە قیژەیەکی تیژ و بزڕکاوی ڕەنگی سەر ڕووی شتێکی تریان پێشان دەدام، شێتانە لێم هاتە دەنگ و لە حەیبەتدا لەشی دەلەرزی... هیچم نەوت، نەمویست زیاتر بیشێوێنم، هەستام و چوومە چێشتخانەکە و پەرداخێک ئاوم تێکرد و دەمخواردەوە، ئەو هات و لەسەر تووڕەبوونەکەی بەردەوامبوو:

– نازانم تۆ چۆن لەمن گەیشتووی، وا دەزانی لە تۆ زیاتر پیاو بڕاوە، سەدانی لە تۆ باشتر و جوانتر هەن گەر ئەوەی بەتۆم وت بەوان بڵێم بنی پێم دەلێسنەوە، نەک مەرجم بۆ دادەنێن.

ئەمەی وت و ماوەی نەدام هیچ بڵێم، چووەوە هۆڵەکە، منیش خۆم بەسەر نێزیکترین کورسیدا دا و دانیشتم، سەرم خستە نێوان هەردوو دەستم و داهاتووم لەگەڵ هەتاودا بە تاریکی دەهاتە پێش چاو. دایکم هەرگیز لەگەڵ ئەم کارکردنەمدا لەلای ماڵی ڕۆژدی بەگ نەبوو، بەتایبەت لەتەک هەتاودا، بگرە زۆرجار ئەوەشی دەدا بە گوێما کە ئەو نانەی لای ئەوان پەیادەکرێ حەرامە، خوا بیکات بە قوربانی دووپوولەکەی کاک حەمەدەمین. لەسەر قسەکانی من و سەردانی یەک دووجاری بۆ ماڵی ڕۆژدی بەگ و دانیشتنی لەتەک هەتاودا زۆرشتی بۆ ڕوون بووبووەوە، هەر دەیگوت (نەکەی ڕۆڵە خۆت مەئاڵێنە لە کاروباریانەوە، تەنیا کاری بلۆکەکەیان ڕایی کە و هیچی تر هەقی ئەملاولایانت نەبێ)، خۆ کە جاروبار شەو دەمامەوە ئەوە دایکمی زۆر پەست دەکرد و تا ماوەیە لێم زویردەبوو، دەیگوت دروست نییە تۆ لەو ماڵەدا شەو بەسەر بەری، جا دەستبەرداربوون و وازهێنانم لەلای هەتاو یەکە ئاواتی ئەو بوو.

***

هەتاوم جاروبار وەک پیاوێکی بە زەبروزەنگ دەهاتە پێش چاو، بەتایبەت لە بڕیاردان و یەکلاکردنەوەی کێشە و گیروگرفتە پەیوەست بە کاروبارەکانیانەوە، لە دەرەتانی تووڕەبوون و گرژبوونی لەتەک بەرانبەرەکەیدا کە وەک دەڵێن دۆ و دۆشاوی تێکەڵ دەکرد، وابزانم ئەمەش بووبووە هۆی ئەوەی ئەوانەی کاریان لادەکرد، یان کاریان تێی دەکەوت بەجۆرە ترس و سامێکەوە تێیان دەڕوانی، یەک لەوانە خۆم بووم، کە چلونها بەگوێم نەکردایە، لە سەروو هەمووو ئەمانەشەوە ئەو پارە و بڕە مووچەیەی سەری مانگان لەکاتی خۆیدا بێ دواکەوتن دەیدامێ، بووبووە مایەی حەسانەوەی ماڵی خۆمان لەڕووی دارایییەوە. ئەمە بەلای منەوە گرنگ بوو، خۆ بە هۆی ناسیاوی و دەستڕۆیشتوویی‌شیەوە لای هەندێک بەرپرسی باڵا زۆر ئاسان بوو کاری دامەزراندنم لە یەکێک لە فەرمانگەکاندا وەک ئەندازیارێک بۆ بکات، بەڵام نە من پرکێشی ئەو داوا و تەکلیفەم لێ دەکرد، نە ئەویش دەیویست دەستبەردارم بێت و لە دەستی دەرچم، ئیتر کار و داهاتووم بەوەوە

شەتەک درابوو. دەمزانی لەو ڕۆژەوەی کە پێکەوە کەوتینە گۆماوە بێ بنە ترسناکەکەوە ئیدی دەرچوونم لێی زەحمەتە. جوانی ژنێکی کامڵی وەک هەتاو و زرنگی و لەبارییەکەی، شانس و بەختی لەکار و کاسبییەکەیدا، دیپلۆماسییەتەکەی لە مامەڵەکردنیدا لەگەڵ ئەوانەی ئیشی تێیان دەکەوت... ئەمانە هەمووی تەونی ئەو جاڵجاڵۆکەیە بوون کە مێروویەکی لاوازی وەک منیان شەتەک دابوو و دەرچوونم نەبوو، نەک لە ژێر دەستی، بەڵکە لە سەر جێگەی ناو ژووری نووستنەکەیشی. من لەوێدا ئەسپێکی چەمووشی سەختەکاربووم بۆی، چۆنی دەویست دەیڕەتانم.

ئەم بەیانییە کە هەستا بوو یەکەوڕاست هاتە چێشتخانەکە و بەبزەیەکی تێکەڵ بە تەمێکی خەماوی لەلامەوە دانیشت، من لەنیوە شەوەوە هاتبوومە سەر ئەو فەرشەی ڕاخرابوو و خەوم لێ کەوتبوو، دەستێکی هێنا بەسەرمدا و وەک لەناو تاڵەکانی قژمدا بۆ شتێ وێڵ بێ و بیکاتە کەرەستەی دەستپێکردنی قسەی:

– دەزانی نوێ بین شەوگارکردی و من کردم، دنیام لێ هاتبووەوە یەک، خەم و خەفەت بەسەرما داباریبوون، خەریکبوو شێت بم...

ئەمەی وت و دایە پڕمەی گریانێکی بە کوڵ... گریانێک ئاوێتە بە هەنسکی قووڵ و دابارینی فرمێسک.

– ڕۆژدی بەگ و تارمایی ڕۆژدی بەگم لێ نەدەبووەوە، ئەو پیاوە داماوەی پازدە ساڵ پێکەوە بووین بێ ئەوەی زەڕەیە دڵم لێی ئێشابێ. چیم دەگوت، یان دەکرد نەیدەگوت نەء، وازی لە کوڕ و کچەکانی هێنابوو بۆ من... ئای ڕەحمەتت لێ بێ، چەند هەست بە دووریت دەکەم، ماڵەکەت چۆڵ کرد...

ئەمەی گوت و دایەوە پڕمەی گریانە بەکوڵەکەی و دەستی کردە ملم:

– نوێ بین گیان من تەنیام، بەجێم مەهێڵە، بمبوورە شەو کەمێک تووڕە بووم، خەمم زۆرە و ئاگام لەخۆم نەماوە... دەی گیانەکەم بڵێ، شتێ بڵێ.

– چی بڵێم، نازانم، بۆ هیچ بووە؟... ئەم گریانە چییە؟ هەستە هەستە بۆ وا خۆت سەغڵەت کردووە.

دەستم دایە دەستی و هەردووکمان هەستاین، من لەوەدا بووم بە لەپی دەستم فرمێسکەکانی بسڕم، بەڵام ئەو پێمەوە نووسا، لەوەتەی هەتاو دەناسم هەر ئەو ئاگرەکەی کردووەتەوە و هەر خۆیشی دایمرکاندووەتەوە، ساتەوەختی وا هەیە لە هیچ ڕازی نییە و بەردی لێ دەبارێ، ساتی واش هەیە خۆشی و چێژی هەموو دنیای گرتووەتەخۆ و دەستبڵاوانە دەیبەخشێتەوە، ئەمەیە هەتاو کە دەیەوێ ببمە جێگرەوەی ڕەحمەتی ڕۆژدی بەگی مێردی. تۆ بڵێیت ئەو کۆڵە بە من هەڵگیرێ؟!

دایکم زۆر بەرهەڵستی کرد لە مێردکردنم بە هەتاو، هەتا ڕادەی بە سووکایەتی دانانی ئەو کارەم، بەڵام خوشکم و مێردەکەی بە دەروویەکیان دەزانی کە لە بەردەمماندا کراوەتەوە تا لەو کولەمەرگییە بەردەوامەی تێیداین ڕزگارمان بێت:

– دنیاکەی ئەمڕۆ ئاوهایە، کێ گوێ بەو شتانە دەدات کە تۆ باسیان دەکەیت. ئەم خەڵکە لەسەرەوە تا خوار هەروا پێگەیشتوون... گەر تۆ بتەوێ بە ئارەقی نێوچەوان بگەی بە ئاوات، ئەوە ئەستەمە و لە دەستووری ژیانی ئەم ڕۆژگارەوە دوورە.

(ئازاد)ی زاوام بەم قسانە لە قایلکردنی دایکمدا بوو، بەڵام ئەو زۆری دەبیست و کەم تێدەگەیشت. خۆ لە ڕێوڕەسمی شەکراو و مارەکردنیشا وەک دیققەتم دەدا ڕووناکی لەڕوویدا نەبوو، هەرکە خزمێ، ناسیاوێ پیرۆزبایییان لێ

دەکرد، ئـەو لـە (ئاخـری خێربـێ)ی زیاتـر پـێ نەبـوو.

مـن دەمزانـی هەمـوو ئـەم تەمەنـەی لەگـەڵ هەتـاو برایەسـەر و ئەوەشـی دەبرێتەسـەر بـەلای دایکمـەوە کڵۆڵـی و مایـەی خەفەتـە. ناهەقیشـی نەبـوو، هەتـاو و ڕۆژدی بەگـی ڕەحمەتـی بەپێـی توانایـی و دەرفەتیـان کۆشـکێکیان بنیـاد نابـوو جـوان و دڵبـەر، بـەڵام لەسـەر لـم.

زۆر شـت منیـان بـە هەتـاوەوە بەسـتبووەوە، نەمدەتوانی دەستبەرداری بم، ئێستە کە هاوسـەرمە و مـن جێگـرەوەی ڕۆژدییەفەنیـم، لەمـاڵ لەسـەر سیسـەمی نووسـتنەکەی و لـە کارەکانیـدا بـۆ بەدەسـتهێنانی پـارە و سـامان، پـارە و سـامانێک کـە لەمنـی ناشارێتەوە و دریغی نـاکات لێم، بـەڵام سـەری ڕایەڵەکانـی هەموویـان وابەدەسـت خۆیـەوە. وریـا و زرنگ هیچـی لـێ ون نەدەبوو، هەتـا لـەو کەمە مەسـتییەی شـەوانی باخەکەیـدا، یـان لـەو لێشـاوە پیاهەڵـدان و فووتێکردنـەی بەرانبەرەکەیـدا کـە بـۆ ڕیایی بەسـەریاندا دەباراند. ئەو کە شـتێکی جددیی بووبوایـە چاوەڕوانـی دەکـرد تـا ئـەو بەرانبـەرە بـۆ میزکردن هەڵدەسـتێ، ئـەوکات پێـی دەوتـم. هەمیشـە دەوروبـەری بـەو نامۆبـوون، متمانـەی بەکەسـیان نەبـوو، دەیگـوت:

– دەغـەزارن، حازرخـۆری بـەر سـێبەرن، لـەڕوودا دەم چـەور و پاشـەملەش دەم تـەور.

لەسـەر کورسـییەکە وا دادەنیشـت کـە بـە ئاسـتەم تەنوورەکـەی کەمێـک هەڵکشـێ بـەرەو ژوور، چـاوی برسـی میوانەکانی گـورج کامێراسـایی ئاراسـتەی ئەو جێیـە دەکرا! ئـەم بەلاچاوێ لەمنـی دەڕوانـی، زمانی حاڵیشـی دەیگـوت (بڕوانـە ئـەو کـەرە پیرانە، شـەرم لـە ژنەکانیشـیان ناکـەن. ناهەقیـان ناگرم، سـیلیکۆن و جوانـکاری و.... تارمایـی جوانییەکـەی جارانیشـی لـێ کردنـە هەڵـم و شـەوقی کلکـە تاوسـییەکانیانی لـێ سـەندوونەتەوە، کردوونیەتـە میـوەی ناسـکی سافولووسـی بریقـەداری لاسـتیکی نـاو جامخانـەکان!)

ئـەو پیـاوە بـە ویقـار و بـە هەیبەتانـەی ڕۆژ کـە لـە نووسـینگە و فەرمانگەکانیانـدا پڵنگـی مالیزیـن، لێـرە لـە حـزووری هەتاوخانـدا پشـیلەیەکی کزۆڵـەی دەسـتەمۆن، چۆنـی دەوێ هەڵیـان دەسـووڕێنێ. کامیانـت دەگـرت قەسـتی بـوو ڕۆچێتـە نـاو ناخـی ئـەو پانتاییـە گۆشـتەی ئـەم بـە ئەنقەسـت نـاو بەنـاو پیشـانی دەدان.

مـن لـە تێکەڵبوونـە ئاشـکراکەم لەگـەڵ هەتـاو ئاسـوودە و شـاد نەبـووم، ئـەم دوو شـتە دوای گواسـتنەوە و گەڕانەوەمـان لـە بەیـرووت هەر مانگێک کەمتریـان خایاند، ئـەو دەسـتی دایـەوە سـەرەتاتکێ و گوڵبژێرکردنـی ناسـیاوەکانی جارانـی و هەتـا ناسـینی یـەک دوو گەنجـی تـری جـوان و جحێـڵ و دانانـی هەریەکەیـان بـە کارێکـی ڕووکەشـەوە لـە بلۆکەکـە و ئۆفیسـەکەدا. ئیـدی لێـرەوە هەسـتم بـەو درزەکرد کە کەوتە سـەر تەختی ئـەو ئاوێنە (پاک و بێ گـەردە)ی ژیانی پێکـەوە بوونمان، نـەک وەک ژن و مێردێ، بەڵکـە لـەو ڕۆژەی کە بەیانییەکـە بۆ یەکـەم جـار ڕووبـەڕووی یەکتـر بووینـەوە، زۆرجـار ئەمـەی بەگوێمدا دەدا و وەک شـنە بـای بەیانییەکـی بارانـاوی بەهارێـک تنۆکـی ئاونگـی لەسـەر پـەڕەی گوڵـەکان خـل دەکـردەوە. ئـەو درزەی وام هەسـت دەکـرد کـە ڕۆژبـەڕۆژ گەورەتـر دەبـوو، تـاوام لـێ هـات، کاتێـک خـۆم دییـەوە لـە ژیانـی هەتـاو خاندا بوومەتـە ڕۆژدی بەگێکـی دووەم. بێدەسـتەڵات، زەقـەی چـاوم دەهـات، بووبوومـە بارێکـی قـورس بەسـەریەوە.

– ئەمە تاوانە، ئەمە... ئەمە خیانەتە.

بـە پەشـۆکی و دەرەتانێکـی خراپـەوە ئەمـەم گـوت.

– ئـەوە دەڵێـی چـی؟... شـێت بـووی، یـان کـەر بـووی و دەزەڕێنـی. ژیانـی خۆمـە و چۆنـم بـوێ دەیگوزەرێنم.

– شێت نەبووم، بەڵکوو تۆ بەرەڵڵابووی... تۆ ڕێز بۆ مێردەکەت دانانێی، (کاروان) لە ژووری نووستنەکەماندا چی دەکرد، پێم ناڵێی؟!.

– ڕاستت دەوێ؟... هاتبوو نوقسانییەکانی کارەبای ماڵەکەمان چاک کات!! حاڵی بووی لەمە.

سەرم گێژی خوارد و ئاوێکی سارد و خاو زایە ناو دەمم، خۆم نەگرت و بەپەلە کەوتمە سەر نێزیکترین کورسی لامەوە، ڕەنگم بووە زەعفەرانی زەرد و سەرم خستە ناو هەردوو لەپی دەستم... هێڵنجم دەهات.

هەتاو بێباکانە پەرداخێ ئاوی بۆ گرتبووم و بەسەرمەوە وێستابوو:

– ها، بگرە تۆ هێشتا لەم مەسەلانەدا باڕی، ماوتە لە دنیای ئەمڕۆ بگەی، ڕەحمەت لە قەبری ڕەحمەتی، ئەو پیاوبوو پیاو. دەیزانی دنیا چییە و چی تێدایە، بۆیە ئاسوودەبوو.

– لاییە، تازە من و تۆیان نەگوتووە، من ناتوانم ببمە ڕەحمەتی، کاروان بۆ تۆ... (قسەکەی پێ بریم و قیژاندی بەسەرما):

– ناوی کەس نەهێنی، زمانت دەبڕم، خۆت باش دەزانی ئەوەی دەمەوێ دەیکەم. مادەم وای لێهات بڕۆ شڕوشیتاڵت کۆکەرەوە و مل بشکێنە.

– هەروا؟!

– بەڵێ هەروا. تەڵاقەکەش بە ڕەسمی ئەوە بیدەرە دەست خۆم و خەمت نەبێ.

***

دەم بەدەم هەتاو خان دەبینم لە لاندکرۆزە ڕەشەکەیدا، کاروان بووەتە شۆفێری. نیهایەت خان پێی گوتم کە چاوەڕوان دەکەن، ماوەیەکی تر هاوسەرگیری دەکەن و بەتەواوی کاروان دەچێتە لای.

بۆ دواجار کە لە دادگە جیابووینەوە، لە حەوشەکەیدا بانگی کردم و چوو لە پشتی سەییارەکەی توورەکە چەرمینەکەمی دەرهێنا، دایەدەستم:

– بیگرە، نەمفەوتاندبوو، لەوانەیە کارت پێی بێت.

بێدەنگ، بێ ئەوەی هیچ بڵێم، لێم وەرگرت و لێیان جیابوومەوە، لەو و لە کاروان.

***

لە هەوڵێکی بەردەوامدام بۆ کارێک، دامەزراندنێک دەستم کەوێ.. جارێک هەر ئەمڕۆ سبەیم پێ دەکەن، وەستا حەمەدەمینیش دوای من چەندان شاگردی تری ناسیبوو، دووکان و کارەکەی هێند گەشەیان کردبوو نیمچە کۆمپانیایەک بوون بۆ خۆیان، ژمارەیە وەستا و کرێکار و کارمەند لەلای وەک کوورەی هەنگ لەکاردابوون، بەدوو ڕۆژ، ئەوسا توانیم چاوم پێی بکەوێ، کە چوومە لای چایەکی بۆ بانگ کردم و بە قسە خۆشەکانی وەک جاران بەخێرهاتنی کردم و بە (پاییزە برا) تێی گەیاند کە ئەگەر لەو شوققانەی وان بەپاڵ گوێژەوە کە لە سەرەتای بنیادنانیدان کاری کارەباییەکانی گرتووە، کاردەکەی لە سبەی زووتر نییە وەرەوە لامان، بە ناسیاوی لەتەک بەڕێوەبەری پرۆژەکەدا هەوڵ دەدا وەک ئەندازیارێک شوێنێکم بداتێ.

ئەمە بەڵێنێکی دڵخۆشکەر بوو بۆم، کە بەیانی بە خۆم و توورەکە چەرمینەکەوە چوومەوە بۆلای، تەماشایەکی کرد و بزەیەک گرتی:

– لاییە، باشترت دەدەمێ.

دەستی برد جانتایەکی سووری پلاستیکی تۆکمەی دامێ، پڕ لە کەرەستەی کارکردن... لۆک.

**لە ٢٠٢٢/١٠/٤ تەواو بوو**